Göteborgs Stad

Göteborgs grundskoleförvaltning

# بەخێربێن بۆ خوێندنگا!





**زانیاری زیاتر لەم لینکەدا دەوزیتەوە**
**goteborg.se/grundskola**

بەخێربێن بۆ خوێندنگا! لەم نامیلکەیەدا ئەو زانیاریانەمان کۆکردۆتەوە کە ڕەنگە زانینیان بەسوود بێت، پێش ئەوەی منداڵەکەت لە وەرزی خوێندنی پاییزدا دەست بە خوێندن بکات.

ئێوە دەتوانن نامیلکەکە بە زمانە جیاوازەکان و زانیارییەکانی تر لە www.goteborg.se/borjaskolan بدۆزنەوە

کاتی ئەوە هاتووە منداڵەکەت دەست بە خوێندن بکات.

لە پاییزدا نزیکەی 6000 منداڵ دەست بە پۆلی پێش خوێندنگا دەکەن کە لە ئێستاوە خۆیان بۆ ئەم کاتە نوێ و سەرنجڕاکێشە ئامادە دەکەن!

بەڵام ئەوە تەنها منداڵان نین کە بۆ دەستپێکردنی خوێندن کۆمەڵە بیرکردنەوەیەک بە خەیاڵیاندا دێت. هەستکردن بە دڵنیایی لە هەمبەر گۆڕانکاریەکاندا بە هەمان شێوە بۆ تۆش زۆر گرنگە نەک هەر لەبەر خاتری منداڵەکە، دەمانەوێت بەم زانیاریانە زیاتر باس لەوە بکەین کە ئێمە لە خوێندنگا بنەڕەتیەکانی شارەوانی یۆتۆبۆریدا دەتوانین چی پێشکەش بە تۆ و منداڵەکەشتان بکەین.

ئێمە کە لە کارگێڕی خوێندنگا بنەڕەتیەکان کاردەکەین هیوامان وایە کە ئێوە و منداڵەکەتان هەست بە پێشوازی گەرم و ئامادەکاری بکەن بەر لە دەستپێکردنی خوێندنگا.

# بەخێربێن بۆ خوێندنگا!



# پۆلی پێش خوێندنگا واتای چی دەگەیەنێت؟

دەکرێت بە دەربڕینێکی سادە پێناسەی پۆلی پێش خوێندنگا بەوە بکەین کە پێک دێت لە گرێدانی شێوازی کاری پەروەردەیی دایەنگە و خوێندنگا پێکەوە. وانەوتنەوە لە پۆلی پێش خوێندنگادا لەسەر ئەو شتانە بنیات دەنرێت کە منداڵەکەت لە دایەنگە فێریان بووە. بەڵام منداڵەکەت رووبەڕووی ئاڵانگاری، تەنانەت بەدواگەڕان و فێربوونی زانیاری نوێ دەبێتەوە و بەم شێوەیە ئامادەدەکرێت بۆ بەردەوامیدان بە خوێندنەکەی لە خوێندنگا.

دەبێت وانە و فێرکاری پەرەبدات بە خەیاڵی منداڵەکەت، هەستی هاوسۆزی و تواناى فێربوونی لەگەڵ کەسانی تردا پێببەخشێت. ئێمە ئەمە لە ڕێگەی یاریکردن، جووڵە ، دۆزینەوەی دنیای نوێ و شێوازی پراکتیکی کارکردنەوە ئەنجام دەدەین. کاروبارو چالاکیەکان لە ڕۆژێکدا ئەوپەڕی شەش کاژێر دەخایەنێت.

ئەگەر منداڵەکەت ناتوانایی زیهنی هەیە و پۆلی پێش خوێندنگا بۆ ئەو باشترین بژاردە نیە، ئەوا دەتوانیت داخوازی دواخستنی خوێندنی ئیجباری یان زووتر دەستپێکردنی لە خوێندنگا بۆ بکەیت.

چوونە پۆلی پێش خوێندنگا و خوێندنگای بنەڕەتی و خوێندنگای بنەڕەتی گونجێنراو بەخۆڕاییە.

# ئایا منداڵەکەت پێویستی بە خانەی کاتی دەستبەتاڵی (فریتیدس) هەیە؟

ئەگەر تۆ کار بکەیت یان بخوێنیت، ئەوا منداڵەکەت دەتوانێت پێش و/یان پاش کاتەکانی خوێندن لە فریتیدس بێت. تەنانەت ڕەنگە خوێندکار لە هەندێک بارودۆخی تردا مافی ئەوەی هەبێت بەهۆی هەلومەرجی خێزانەکەیەوە یان بەهۆی پێداویستییەکانی خوێندکارەکەوە لەوێ بێت. بۆ نموونە ئەگەر منداڵەکە پێویستی بە پشتگیری هەبێت بۆ فێربوونی زمانی سویدی یان ئەگەر خێزانەکە لە ڕادەبەدەر ماڵەکەیان تەنگ بێت.

وانەگوتنەوە و فێرکاری لە فریتیدس و پۆلی پێش خوێندنگا تاڕادەیەکی زۆر لەیەک دەچن، بەڵام وانە و فێرکاری لە فریتیدس دەشێت تەواوکەریەک بێت بۆ پۆلی پێش خوێندنگا.

**داخوازی فریتیدس بکە**

**پێش ٣١ی مای، زیاتر بخوێنەرەوە لە**

**goteborg.se/fritidshem**



# پێش ئەوەی منداڵەکەت دەست بە خوێندنگا بکات

کە کاتی ئەوەهات دەستکرێت بە خوێندن  بەشێکی زۆری شتەکان، چ بۆ منداڵەکەت و چ بۆ تۆش وەک سەرپەرشتیار تازەن.

## کۆبوونەوەی زانیارییپێدان بۆ سەرپەرشتیاران

خوێندنگای منداڵەکەت پێش دەستپێکردنی خوێندن بانگهێشتان دەکات بۆ کۆبوونەوەی زانیارییپێدان. لە میانەی کۆبوونەوەکەدا زانیاری لەسەر پۆلی پێش خوێندنگا و فریتیدس بەدەست دەهێنیت بە تایبەتی دەربارەی خوێندنگای داهاتووی منداڵەکەت. کۆبوونەوەی زانیارییپێدان لە میانەی بەشێکی دواتری وەرزی خوێندنی بەهاردا ڕوودەدات.

## منداڵەکەت بۆی هەیە سەردانی خوێندنگا نوێکەی بکات

پێش دەستپێکردنی خوێندنگا، منداڵەکەت بۆی هەیە لانیکەم یەک جار سەردانی خوێندنگا نوێیەکەی بکات. ئەمەش لە بەشی دواتری وەرزی خوێندنی بەهاردا ڕوودەدات. ئەگەر بۆیان کرا ئەوا مامۆستایەکی دایەنگە لە دایەنگەی منداڵەکەتەوە هاوڕێی سەردانەکە یان سەردانەکان دەبێت. بەڵام ئەگەر ئەوە نەکرا، ئەوا دەتوانیت لەبری ئەوان خۆتی لەگەڵدا بێت.

دەبێت بە دڵنیایی سەردانکردنی پۆلی پێش خوێندنگا و فریتیدس ئاسانکاری بۆ قۆناغی ڕاگوزەر یمنداڵەکەت بەرەوخوێندنگا بکات.



## گفتوگۆی بەخێرهاتن بۆ ئێوەی سەرپەرشتیار

ئێتر تۆ بانگهێشت دەکرێیت بۆ وتووێژی بەخێرهاتن لەگەڵ مامۆستا نوێیەکەی منداڵەکەت. وتووێژی بەخێرهاتن پێش دەستپێکردنی خوێندنگا ئەنجام دەدرێت یان کاتێک منداڵەکەت تازە دەستی بە خوێندن کردبێت، واتە ڕۆژێک لە ڕۆژان لە نێوان مانگی حوزەیران (یونی) و ئەیلول (سێپتێمبەر)دا ئەنجام دەدرێت.

لە کاتی گفتوگۆکەدا دەرفەتت بۆ دەڕەخسێنرێت کە باسی منداڵەکەت بکەیت و پرسیار لەبارەی چۆنیەتی فێربوونی منداڵەکەتەوە بکەیت. هەموو منداڵێک تایبەتە بە خۆی و ئەم کۆبوونەوەیە بۆ ناسینی یەکتر و زانینی ئەوەیە پێویستیەکانی منداڵەکەت چین بۆ ئەوەی پێش دەستکردن بە خوێندنگا، هەست بە دڵنیایی بکات.

هەندێک جار بەپێی پێویستی منداڵەکەت ڕەنگە خوێندنگاکە پێویستیان بە گونجاندن بێت. ئەگەر منداڵەکەت پێویستی بە گونجاندنی تایبەتی هەبوو، گرنگە خوێندنگا لە کاتێکی گونجاودا ئاگادار کرێت. لەو حاڵەتەدا داوا لە دایەنگەی منداڵەکەت بکە باسی بکەن یان خۆت بە زوترین کات پەیوەندی بە خوێندنگاکەوە بکە.

لە میانەی گفتوگۆی بەخێرهاتندا زانیاریت پێدەگات کە ڕۆژەکانی یەکەمی خوێندنگا چۆن دەبن.



# پۆلەکانی پێش خوێندنگا و فریتیدس چۆن بەڕێوە دەڕۆن؟

## هێنان و بردنەوەی منداڵ

منداڵەکەت لە کاتە دیاریکراوەکاندا دەبێت لە پۆلی پێش خوێندنگا بێت. ئەگەر منداڵەکەت زووتر و/یان درەنگتر پێویستی بە چاودێری هەبێت، چونکی تۆ کار دەکەیت یان دەخوێنیت، ئەوا منداڵەکەت لە فریتیدس دادەنێیت/ یان دەهێنیتەوە. دەبێت منداڵەکەت بە درێژایی ڕۆژەکە هەست بە دڵنیایی بکات، هەر بۆیە مامۆستاکان لە قۆناغی ڕاگوزەری نێوان پۆلی پێش خوێندنگا و فریتیدسدا لەگەڵیدا دەبن.

## ژەمەخواردن لە خوێندنگا

خوێندکاران هەموویان لە خوێندنگا نانی نیوەڕۆ بەخۆڕایی وەردەگرن. ئەگەر منداڵەکەت پێش خوێندنگا یان دوای خوێندن بەشداری چالاکییەکانی فریتیدس بکات، ئەوا منداڵەکە بەرچایی و نێوانەژەمیشی دەدرێتێ. ئەگەر منداڵەکەت پێویستی بە ژەمە خواردنێکی گونجێنراو یان خۆراکی تایبەت هەبێت بە هۆی بۆ نموونە، هەستیاری یان پێنەکەوتنی خۆراکێک، پێویستە لەگەڵ کارمەندانی خوێندنگاکەدا قسە بکەیت بۆ پێشکەشکردنی داخوازینامە. زوربەی کات پێشوەخت چاودێری تەندروستی لێکۆڵینەوە لە پێداویستییەکانی منداڵەکەت دەکەن. پێویست ناکات داخوازی خۆراکی تایبەت یان ژەمێکی گونجێنراو بۆ منداڵەکەت بکەیت بۆ ئەوەی خواردنی ڕووەکی یان خواردنی بێ گۆشتی بەرازلە خوێندنگا بدرێتێ.

ڕێگەپێدراو نییە گوێز، بادەم، فستق و کونجی بهێنرێن بۆ ناو خوێندنگاکانی یۆتۆبۆری.

## جلوبەرگ بە پێی کەشوهەوا وچالاکیەکان

بەشێک لە وانەوتنەوە و فێرکاری لە پۆلی پێش خوێندنگا و فریتیدسدا پەیوەندیان بەوەوە هەیە کە دەبێت خوێندکار دەرفەتی پەرەپێدانی جوولەی خۆش، ئیلهامبەخش و دۆزینەوەی دنیای نوێیان بۆ برەخسێنرێت.

بۆیە منداڵەکەت پێویستی بە جلوبەرگێی گونجاو هەیە بۆ بەشداریکردن لە چالاکییە جۆراوجۆرەکاندا چ لە ژوورەوە و چ لە دەرەوە، بەبێ گوێدانە ئەوەی لە چ وەرزێکداین و کەشوهەوا چۆنە. هەروەها ئەوەت لەیاد نەچێت کە منداڵەکەت لە خوێندنگا پێویستی بە گۆڕینی جلوبەرگ هەیە لە حاڵەتێکدا ئەگەر لە میانەی ڕۆژەکەدا منداڵەکە پێویستی بە جلوبەرگی وشک و خاوێن هەبێت



## پشتگیری زمانی دایک و فێرکردنی زمانی دایکی

ئەگەر منداڵەکەت زمانێکی دایکی تری هەبێت کە جیاوازبێت لە زمانی سویدی، دەبێت پۆلی پێش خوێندنگا و فریتیدس هاریکاری بکەن بۆ ئەوەی دەرفەتی بۆ بڕەخسێنرێت کە پەرەبدات بە هەردوو زمانی سویدی وزمانی دایکی خۆی. ئەمەش لە ڕێگەی ئەوەوە دەکرێت کە مامۆستاکان لە چالاکیەکانی ڕۆژانەدا بە شێوازی جیاواز سەرنجی خوێندکارەکە ڕاکێشن و داوای زمانی دایکی بۆ بکەن.

فێرکردنی زمانی دایک لە پۆلی 1 یەکەوە پێشکەش دەکرێت. ئەمە هەموو زمانێک دەگرێتەوە جگە لە زمانە کەمینە نیشتمانییەکان کە شارەوانی یۆتۆبۆری لە پۆلی پێش خوێندنگاوە وانەوتنەوەیان بە زمانی دایکی پێشکەش دەکات.

## بیمە

هەموو ئەو خوێندکارانەی کە لە یۆتۆبۆری ناویان تۆمارکراوە، بیمەیان هەیە دژ بە ڕووداو، بە درێژایی ڕۆژەکە تاوەکوو ئەو ساڵەش کە تیایدا دەبن بە 17 ساڵ. بیمەکە تەنها ڕووداوی نەخوازراو دەگرێتەوە.

## ڤێکلاس Vklass

لە ڤکلاسدا تۆ وەک خوێندکار و سەرپەرشتیاردەتوانن ئاگاتان لە هەموو ئەو شتانە بێت کە پەیوەندیان بە خوێندنگاوە هەیە. تۆ دەتوانیت بە ڤێکلاس بەدواداچوون بۆ گەشەسەندنی زانستیی خوێندکار بکەیت، ئامادەنەبوون ڕاپۆرتکەیت و لە بارەیانەوە زانیاری لە خوێندنگا وەرگریت.

## گەیاندن بۆ خوێندنگا و کارتی هاتوچۆی گشتی

هەموو ئەو خوێندکارانەی لە پۆلی پێش خوێندنگا، خوێندنگای بنەڕەتی و خوێندنگای بنەڕەتیی گونجێراودان و ناویان لە فەرمانگەی باری شارستانی یۆتۆبۆری تۆمارکراوە، بە بێ گوێدانە ئەوەی مەودای نێوان ماڵەوە و خوێندنگاکەیان چەند دوورە کارتی هاتوچۆی گشتی بەخۆڕایی وەردەگرن. گەیاندن بۆ خوێندنگا بۆ نموونە بە تەکسی ، بۆ ئەو خوێندکارانە دابین دەکرێت کە خاوەن پێداویستی تایبەتن.



## وەرزی خوێندن و پشوو لە پۆلی پێش خوێندنگادا

سالّی خوێندن بەسەر دوو وەرزدا دابەشکراوە – وەرزی خوێندنی پاییزە و وەرزی خوێندنی بەهارە. هەموو ئەو خوێندنگایانەی سەر بە شارەوانی یۆتۆبۆرین هەمان کاتی سالّی خوێندنیان هەیە. واتە هەمووان لە یەک ڕۆژدا دەست بە خوێندن دەکەن و کۆتایی پێدەهێنن وە هەمووشیان هاوکات دەست دەکەن بە پشووەوەرگرتن. تەنانەت لە کاتی پشووشدا فریتیدس کراوەیە بۆ ئەو خوێندکارانەی کە پێویستیان بە چاودێری هەیە.

### ئایا دەزانی کە ...

خوێندن بۆ هەموو ئەو منداڵانەی لەو وەرزی خوێندنەی پاییزەوە کە تیایدا دەبن بە شەش ساڵ، ئیجبارییە. ئەمەش بەو مانایەیە کە ئامادەبوون لە پۆلی پێش خوێندنگا بە زۆرە.



## لە حاڵەتی نەخۆشیدا دەبێت منداڵەکەت لە ماڵەوە بمێنێتەوە

ئەگەر منداڵەکەت نەخۆش بوو، دەبێت منداڵەکە بە نەخۆش ڕاپۆرتکرێت. زانیاری لەسەر چۆنیەتی ڕاپۆرتکردنی نەخۆشی منداڵەکە لە مامۆستای خوێندنگا وەردەگریت.

## داخوازی مۆڵەتی کورتتر بکە

لە پۆلەکانی پێش خوێندنگادا ئامادەبوون بە زۆرە. ئەمەش واتە منداڵەکەت دەبێت ئامادەی هەموو وانەکان بێت. بەڵام منداڵەکەت دەتوانێت ڕۆژێک یان چەند ڕۆژێک ئیزن وەربگرێت ئەگەر هۆکارێک هەبێت، بۆ نموونە پشووی خێزانی یان جەژنی ئاینی.

ئەوە بەڕێوەبەری خوێندنگاکەیە کە هەڵیدەسەنگێنێت ئایا منداڵەکەت دەتوانێت لە پۆلی پێش خوێندنگا پشوو وەرگرێت. ئەگەر دەتەوێت داخوازی پێشکەش بکەیت، دەبێت فۆڕمێک پڕبکەیتەوە.



# کارگێڕی خوێندنگا بنەڕەتیەکان چییە؟

کارگێڕی خوێندنگا بنەڕەتیەکان بەرپرسیارە لە چالاکی و کاروباری ئەو خوێندنگایانەی کە سەر بە شارەوانین هەر لە پۆلی پێش خوێندنگاوە تا دەگاتە پۆلی نۆی بنەڕەتی، هەروەها خوێندنگای سەرەتایی گونجێنراو و فریتیدسەکان. ئێمە پێکەوە کاردەکەین بۆ هێنانە کایەی باشترین هەلومەرج لە پێناوی ئەوەی هەموو خوێندکارێک، لە هەموو خوێندنگاکانی یۆتۆبۆریدا دەرفەتیان پێبدرێت شێوازێکی ژیانی باش بۆ خۆیان دابین بکەن.

**ئێمە ڕێگاخۆشدەکەین بۆ خوێندنگاکانی ئاینده.**

## ئایا هیچ شتێک هەیە کە تۆ بیری لێبکەیتەوە؟

لەو حاڵەتەدا دەتوانیت پەیوەندیمان پێوە بکەیت:

**تەلەفۆن**

60 09 365 - 031 (سەنتەری پەیوەندیەکان)

**ئیمەیڵ:**

grundskola@grundskola.goteborg.se

**هەروەها دەشتوانن زانیاری لەم ماڵپەڕەدا بدۆزنەوە**

goteborg.se/grundskola



Grundskoleförvaltningen Göteborgs Stad 2024